www.kurdistannet.org
22-5-2003 3:09

# شەڕی سارد و نەگبەتی گەرم

جەزا چنگیانی




شتێکی لۆژیکە یان چاوەڕوانە دوای گرفت وقەیرانە سیاسیەکان و جەنگەکانی هەر وولآت و کۆمەڵگایەك گۆڕانکاری ڕوودەدا و دەبێتە هۆی گۆڕینی گۆتاری سیاسی وبونیادە ئابووری و کۆمەلآیەتیەکان،

گیرۆدەبوونی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بە جەمسەرە توورت و زبرەکانی کێشەی نێوان هەردوو زلهێزەکەی جیهان لە دوای کۆتای هاتنی جەنگی گەرم و دەسپیکردنی جەنگی ساردوە ( نەگبەتی گەرم پاشە ڕۆژ وژیانی بەشێکی مرۆڤایەتی) بەشە سوورەکەی) بە خەستی داوەشان) . هۆکەشی گوتاری سیاسی ئەو سەردەمەی بەشە سوورەکە ووتارێکی لۆژیکبین نەبوو. بیرکردنەوەی سەرانی سوور ( واتە کۆمۆنیستەکان) لە ئاستی پێداویستەکانی کۆمەڵگادا و زانیستیانە بۆ ژیان وکێشەکانی مرۆڤ نەیان دەڕوانی. گیرۆدەی ئایدۆلۆژیایەکی ڕۆمانسی ببوون. بۆیە بەدرێژای تەمەنیان خۆیان سانسۆریان لە سەر فاکتەرەکانی پاشەرۆژ و گەشەکردنی ئابووری و کۆمەلآیەتیان دانا و ئەنجامەکەشی ئیفلیج بوونی کۆمەڵگاو داتەپینی ئابووری ودواکەوتنیان لە شۆرشی تەکنەلۆژیا وژیان بوو. بینیمان هەردوای ڕمانی بلۆکی سوور وشلکردنەوەی بازنەی دەسەلآتی ڕەها، ئازد بوونی گەلان، هەر نەتەوە و گەلێك لە پێناوی ڕزگاربوونیان لەپاشماوەی ئەو دەسەلآتە تۆتالیتاریە و یفلیج بوونە و هەڵسەنگاندنەوەی ئابووریە قەتسیماوەکەیان و گەشەکردنی کۆمەڵگا. پەنایان بردۆتە بەر هێزی کەپیتاڵ. وەلێ گەشەکردنی کەپیتاڵ پێویستی بە هێزێکی فکری هەیە بۆ بەگەڕخستنی. واتە کەپیتاڵ لە هیچ وولآت و کۆمەڵگایەکدا گەشە ناکات، ئەگەر کادیری لێهاتوو و یاسایەك هەڵینەسووڕێنێ. بۆیە دەبینین ئەو کۆمەڵگایانەی خاوەنی سەرمایەن و بەلآم خاوەنی کادیری هوشیار و پڕێنسیبی تایبەت بۆ هەڵسوڕێنەری نین، بۆشایەکی فراوان لە ناو سیستەمی ئابووریدا دروست دەبێ، کە لە ئەنجامدا بەڕەلآی و نایاسای و گروپی مافیا ئەو بۆشایە پڕدەکاتەوە.

ئەگەر سەرنج بخەینە سەر باروودۆخی ئەورووپای ڕۆژئاوای، دوای کۆتایی هاتنی شەڕی گەرم وداتەپینی ١٠٠٪ سەرچاوەکانی ئابووری و خێرای سەڕسورهێنەری گەشەکردنی کۆمەڵگا وئابوریەکەیان و شەقاوە بەپێزەکانیان بۆ دابینکردنەوەی ئارامی وژیانی یاسای. هۆکانمان بۆ دەردەکەوێ کە ئەمانەن:

١) بوونی کولتورێکی پیشەسازی وئاوزان و یاسای بەگەرخستنی کەپیتاڵ : لە ناو کۆمەڵگاکانی ئەورووپای پێش جەنگ دا هەبوو. یانی ڕۆحێکی معنویان بۆ گەشەکردنی کەپیتاڵ هەبوو.

٢) بوونی کەپیتاڵ : کە ماڕشاڵ لەساڵی ١٩٤٧ لە زانکۆی ( هارڤار) پیلانی ( مارشاڵ پلانی) ئاشکراکرد ودەرگای کەپیتاڵی ئەمەریکی خرایە سەرپشت بۆ ئەورووپیەکان. ئەورووپیەکان بەو شالآوی کەپیتاڵە ئەمەریکیە نامۆ نەبوون، چونکە پێش جەنگەکە لە تەك کەپتاڵدا مامەڵەیانکردبوو. لەپاڵ ئەو هێزە معنویەی هەیان بوو توانیان ئابورییەکەیان زیندوو بکەنەوە. ئاشکراشە کۆمەڵگاش لە تەك گەشەکردنی ئابووریدا گەشە بە خۆی و یاساکان دەدا. ئەمە لە کاتی جەنگی ساردا. بەلآم لە دوای جەنگی ساردیشەوە ئەم ڕەوتە نەوەستاو لە سەر ڕێچکەی گەشەکردن بەردەوام بوو و بە

هۆی ڕێکخستنی هەردوو چمکەکەوە واتە ( بوونی کەپیتاڵ و هوشیاری بەگەڕخستنی) بەرچاوترین بەرهەمی ئەو دووچمکە یەکیتی دراوی ئەوروپی ( ئۆرۆ) بوو.

کە جەنگی سارد کۆتایی هات ( بەرەی سوورەکان) ( کۆمۆنیستەکان) چونکە خاوەنی خاڵی ( ١ و٢) نەبوون، تائیستا هەنگاوی وایان نەناوە کە بتوانرێ پاشەرۆژێکی نزیکی ڕووناکی لیّ چاوەڕوان بکرێت. با بۆ نمونە ڕووسیا بهێنینەوە کە وڵاتێکی دەوڵەمەندە و خاوەنی کادیری هوشیار وکریکاری بەتوانا و گاز وپترۆڵێکی فرەیە. ( پیویستی بە مارشاڵ پلان) نیە. کەچی پێشکەوتن تێدا بە خێرای کیسەڵ بەڕیەوە دەچیّ !!! هۆکەشی ئەوەیە هەر لەدوای نەمانی جەنگی گەرمەوە ( جەنگی جیهانی دووهەمەوە) ووزەی پیشەسازی و توانای کادیران و زۆربەی کەپیتاڵەکەیان تەرخانکردبوو بۆ پیشەسازی سەربازی و ئیستراتیجێتی جەنگی سارد و لایەنەکانی تری پیشەسازی وەکی پیشەسازی مەدەنیەکان ( ئۆتۆمۆبیل و تەکنەلۆژیای ماڵ و کشتوکاڵ) یان فەرامۆشکرد بوو. کە ئەمەش بەرهەمی بیری ( تۆتیالیتێتی) دژی ستالین و سیستەمی تاقە هێز وتاقانە ونازانستیانەی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا بوو. ئەوروپیەکان تەواو بە پێچەوانەوە. ئازادییەکی تەواویان دا بە گەڕخستنی کەپتاڵ وبازار، ئەنجامەکەشی ئازادی کۆمەڵگاو بەرقەرابوونی سیستەمە دیموکراتی بوو. ئەوروپایەکان تیڕوانینان بۆ گرفتی چینە دژەکانی کۆمەڵگا تیڕوانینێکی زانستیانە بوو. کەپیتالیستی ئەوروپی گەیشتبوە ئەو بڕواییەی کە ناتوانی پاشەرۆژی خۆی مسۆگەربکات، ئەگەر دەستی زبر و بازووی پڕ بەرهەمی کریکار نەبیّ !!!. کەپتالیستی ئەوروپی بەوە وشایاربوو و دەیزانی بەبیّ جێبەجێکردنی ویستە چینایەتی و مرویەکانی کریکار ناتوانی بژی. بۆیە ئامادەبوون گۆی بۆ داخوازییە کریکاریەکان بگرن. هەروەها کریکارانیش بە هەمان شێوە هوشیاریان لە ئاستێکی وا بەرزدابوو و زۆر لۆژیکانە دەیانڕوانیە گرفتەکانی کۆمەڵ و (دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا) یان بە هەش و نەگبەتی قەبلان، چینی کریکارانی ئەوروپی وای بۆچوبوون مادامێکی ئێمە (تەواوکەری یەکترین) واتە ( خاوەن کار و کریکار) بە هەردووکیان کۆمەڵگا پێك دەهێنن، کەواتە دەبیّ یەکتری بە جیاوازی چینایەتیەوە پەسەند بکەین. بەم شیوەیە بزوتنەوەی ( سوسیال دیموکرات) گەشەی کردو بزوتنەوە کۆمۆنیستەکان پوکانەوە. بەڵام لە بەشی سوردا دەسەڵاتدارانی دکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا کە لە ڕاستیدا ( دەستەیەکی مشەخۆر) بوون. چەوسینەری کریکاران بوون. پەیوەندی هێزی بەرهەمهێنەر (کریکاران) و ( خاوەنکار) کە دەسەڵاتی سیاسی دەگرتەوە. پەیوەندی پەسەندکردنی یەکتری لە ئاستی ڕۆڵیاندا نەبوو. بۆیە دوای ڕمانی سیستەمەکە کریکاران بە بیّ ڕیکخراو مانەوە. داکۆکیان لەو دەسەڵاتە نەکرد کە بەناو نوێنەری کریکاران بوو. بزوتنەوەی سوسیال دیموکراتیش لە ڕووسیادا بە پراکتیك نیە. چونکە کریکاران بە شیوەی سروشتی بۆاریان بۆ نەڕەخساوە ئۆرگانیزەی ویستەکانیان بکەن.

سیاسەتی ڕووسیا لەم چواردە ساڵەی دوایەدا تووشی دووهەڵە هات یەکەمیان. لە سەردەمی گورباشۆف و پرۆیسترۆکیاکەی لە پەلەکردنا کۆمەڵی کوونی بە بەبیّ ئەڵتەرناتیف و بە بۆشای بەجێهێشت. ولەسەر کەسایەتی سیاسی روس و پاشە ڕۆژیان زۆر کەوت.

دووهەم : هەرچەندە ( فلادیمیر پۆتین) لاوترین سەرۆکی ڕووسیایە چالاکە لە هەندی ڕیفۆرمدا. بەڵام چونکە لە هاوکیشە سیاسیەکاندا بە چاوی ئیمرۆ وە ناڕوانێت، بینیمان لە تازە ترین جەنگی نێوان (ئەمەریکا و عیراق) دا بە هۆی تێنەگەیشتنی لە هەڵویستی ئەوروپیەکان لەمەر جەنگەکە و ڕۆڵی ڕووسیای نۆی. ئەنجامەکەی ڕووسیا دوای صدام بووە دۆڕاوی دووهەم.

( ئەگەر سیاسەت هونەری پاراستنی بەرژەوەندی بێت) بەرژەوەندی یانی بازاڕ

( یەکەم) . جاران سەرچاوەی پەیداکردنی ( دراوی قورس) دۆلار بۆ روسەکان، فرۆشتنی چەك بوو بە تایبەتی بە وڵاتانی عەرەبی لە بەرئەوەی عەرەبەکان لەشەڕێکی گەرم لە تەك ئیسرائیلدا بوون. وەلیّ بە هۆی تیکچونی جوگرافیای سیاسی لەو ناوچەیەدا و لاوازی هیزی بەرەنگاربوونەوەی عەرەبی. کە لە ( میصر وعیراق و سوریا و لیبیا) دەبینران، ئیستا هەریەکیً لەم وڵاتانە غەمی پاراستنی سنوری خۆیەتی. سەردەمی ڕایکالێتی ( ناصری) بەسەرچوو وبەم هۆیەشەوە ئەم بازاڕەی ڕووسیا ووشکی کردووە.

( دووهەم) پیشەسازیە مەدەنیەکانی رووسیا (ئۆتۆمۆبیل و تەکنەلۆژیای ناو ماڵ) هێندە بەهێز وپیشکەوتوو نیە تا رێگربیت لە بەر دەم شالاوی مارسیدس و بی ئم ڤی و تەکنەلۆژیای ناو ماڵی ئەوروپی بەتایبەت ئەڵمانی. ئەمە لە ئاستی بازاری خودی ناوەوەی رووسیا. بازاری دەرەوەی رووسیاش بۆ پیشەساز یان تەکنەلۆژیای ناو ماڵ لە ئاستی نەبووندایە.

( سێهەم) سەرچاوەیەکی تری ئابووری رووسیا پترۆڵە : سیاسەتی پترۆلی رووسیا زۆر دەمێکە تاکتیکی هەڵە پیادەدەکەن بەتایبەتی لەسەردەمی دامەزراندنی ئۆپێك و دەسەڵاتی ( خرۆشۆف) وە. خرۆشۆف بەنیازی بەرنگاربوونەوەی بازاری پترۆلی ئەمەریکی لە ئەوروپادا پرۆتۆکۆلی بازرگانی پترۆلی لە تەك ئەوروپییەکاندا دەبەست و بەنرخێکی تالانی پترۆڵی رووسی بە ئەوروپایەکان دەفرۆشت، خرۆشۆف سامانی پترۆڵی رووسیای وەك سەرچاوەیەکی ئابووری بۆ جوانکردنی ژیانی رووسەکان گەشەکردنی بونیادی شیرخانی رووسیا بەکارنەدەهێنا، بەڵکو وەکی چەکێك لە شەڕی ساردا کەڵکی لێوەردەگرت. لەم بەرەیەشدا رووسیا ( واتە بەرەی جەنگی پترۆڵ) دۆڕاوی یەکەم بوو، چونکە ئەو پترۆڵەی ئەمەریکایەکان لە ئەوروپادا دەیانفرۆشت. پترۆڵ کانەکانی ئەمەریکا نەبوو !!!، بەڵکو هی کانەکانی کوردستان و ئیران و عەرەبەکان بوو ( لەبەر ئەوەش ئەوروپا لە کانە پترۆڵیەکانی ئاسیاوە نزیك بوو، بۆ ئەمەریکایەکان نرخی گواستنەوەکەی هەرزان دەکەوت ونرخی کریکاریش واتە دەرهێنای پترۆڵەکە لە ئاسیادا هەرزانە) . لە دوای جەنگی کەنداوی دووهەمەوە و پابەستبوونی رووسیا بە کۆمەڵی پرۆتۆکۆڵ لەگەڵ رژێمی رماوی عیراقدا لە کاتێکدا کە عیراق لە ژێر یاسای سزا نێودەوڵەتیەکان وئابلۆقەی ئابووریدا بوو، کە ئەو پرۆتۆکۆڵانە هیچ شرعیەتیکی نەبوو. ئیستا ئەمەریکا وبەریتانیا تا رادەیەکی زۆر ئۆپێکیان قۆرخکردوە جڵەوی نرخی پترۆڵەکەیانگرتوە. پترۆڵی عیراقیش لە دوای صدامەوە لە دەرەوەی بڕیارەکانی ئۆپێك دەفرۆشن. هەموو دەزانین کە ( جەنگی عیراق و ئەمەریکاش هەر فاکتەری پترۆل) بوو. بۆیە هاوبەش نەکردن یان پەسەند نەکردنی جەنگەکە لە لایەن رووسیاوە هەڵەیەکی سیاسی گەورە و زیانێکی قەبە لە بازاری بترۆڵی رووسی و ئابوری رووسیا و نرخی رۆبلی خستۆتە دۆزێکی بڤەوە، راستە تەنیا رووسیا دژی جەنگەکە نەبوو. ( ئەڵمانیا، فرنسا، صین) یش وەلیّ ئەم سیّ وولاتە لە بەر ئەوەی وەك رووسیا لە قۆناغی دروستبوون و قوربانی جەنگی سارد نین و خاوەنی تەکنەلۆژیای پێشکەوت و ئابووریەکی سەقامگیرن زیانی زۆریان پێنەگەیشت وەك رووسیا. بۆ نموونە ( فرنسا تائیستا چەند وولاتێکی کۆلۆنیالی هەیە کە دەیاندۆشیّ و خاوەنی کەپیتالّ وسیستەمێکی زەریبەیە کەتوانیوێتی جڵەوی بازاری ناوەوە و دەرەوە بگرێت. هێزی کەپیتالّی ئەڵمانیش لە دەرەوەی ئەڵمانیا کە شێوەیەك لە کۆلۆنیالی ئابووریە، گەیشتۆتە خواروی ئەفەریقا و دڵی ئاسیا و وولاتانی لاتان ئەمەریکا، صین هەر لە سەردەمی ماوسی تۆنگەوە لە بازنەی رووسیا دوور بووە، بۆیە دوای رمانی بلۆکی سوسیالیستی، صین مایەوە واتە خاوەنی لەشێکی سیاسی و ئابووریەیەکی سەقامگیری تایبەتن. بۆیە دەتوانین جەخت لەسەر ئەوەبکەینەوە کە روسیا لە جەنگی ئەمەریکا وعیراقدا دوای صدام دۆڕاوی دووهەمە.

تاقانە کەپیتالێکی رووسی کە نرخی لە ئاستی جیهاندا مابیّ کولتوری خیزانی رووسی و ( ئافرەتی رووسی) یە کە بەچاوێکی رێز و ویستەوە لە دەرەوەی رووسیا تیدەروانریّ ئەویش لەبەر ئەوەی ئافرەتی رووسی جگە لە شۆخی و جوانێەکەیان، زۆر خان ومان و دڵسۆزن بۆ پیاو وخیزان ومنداڵ (تەواو پێچەوانەی ئافرەتی کۆمەڵگا سەرمایەدارەکانن) بۆیە زۆر لە پیاوانی دەرەوەی رووسیا بەرێزەوە زەماوەندیان لەتەکدا دەکەن.

لە پێناوی رزگاربوونی لە قەیرانەکان دەبیّ رووسیا ئەمانە بکات :

١) مامەڵەکردن لە تەك کێشەکانی جیهان بە دیوێکی تردا. بەتایبەتی گرفتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست، چونکە سیناریۆی ئەمەریکی لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراستدا بە رمانی رژێمی صدام کۆتای نەهاتوە. بەڵکو صدام کلیکێك بوو بۆ کردنەوەی پەنجەرە داخراوەکانی تر و گۆڕینی جوگرافیای سیاسی ئەو ناوچەیە وچارەسەری هەردووگرفتی چارەسەنەکراوی ( کورد وفەلەستینیەکان) و دژایەتیکردنی بزوتنەوە رادیکاڵە ئیسلامیەکان. گۆڕینی نەخشەی سیاسی و جوگرافی ناوچەکە، سروشتی سیاسەتی ئەمەریکی وایە هەمیشە هەوڵدەدا لە کێشەکاندا هاوپەیمان یان هاوبەش ( شەریکێکی) هەبیّ، لە جەنگی جیهانی دووهەمدا ( رووسیا وئەوروپا) هاوبەش و هاوپەیمانی ئەمەریکا بوون دژی

هیتلەر، لە جەنگی ساردا ئەوروپییەکان هاوبەش و هاوپەیمانی ئەمریکایەکان بوون دژی سۆڤیەت. لە جەنگی عیراق و ئەمەریکادا. ئەمەریکایەکان زۆر هەوڵیاندا هاوپەیمانی ئەوروپییەکان و تورکەکان مسۆگەر بکەن. دوای مسۆگەرنەکردنی هاوپەیمانی ئەوروپی و تورکی. ئەمەریکا گەڕا بە دوای ئەلتەرناتیفیکدا و پیشی باش بوو ئەو بۆشایە ڕووسیا وەك هێزێکی جیهانی پڕی بکاتەوە. بۆ ئەڵتەرناتیفی تورکیش وەك هێزێکی ناوچەی دوای ڕازی نەبوونی تورکیا لە بەکارهێنانی خاکەکەی بۆ ئۆپراسیۆینی سەربازی دژی صدام. ئەمەریکا کورد و باشوری کوردستانی کرد بە ئەڵتەرناتیفی تورکیا. ئیستا ئەمەریکا هەستی بەرامبەر بە ئەوروپای کۆن گۆڕاوە و بەتایبەتیش ( ئۆرۆ) لە بازاڕی بۆرزەی جیهانیدا لە دۆلار بەهێزترە. بەڵام ( ڕۆبڵ) وانیە. بۆیە ئەمەریکایەکان ئیستا حەز دەکەن لە تەك رووسەکاندا کاربکەن، ئەمەش شانسێکی گەورەیە بۆ هەڵسەنگانەوەی ئابووری ڕووسیا و گۆڕینی ئیستراتجیتیان. ڕووسیا کارێکی چاك دەکات ئەگەر هەوڵبدات جی ئەوروپییەکان بۆ ئەمەریکا بگرێتەوە، بێگومان بەم نزیك بوونەوەی ئەمەریکا و ڕوسیا گرفتی چیچانیەکانیش کۆتای دی.

٢) پێدەکردنی سیستەمێکی ( زڕیبە) لە سەرشیوەی ئەڵمانی و ڕێگە بە دروستبوونی ڕێکخراوی سوسیال دیموکرات بدرێ تا بەشی ئەکتیفی کۆمەڵگا کە ( کریکاران وکاسپکاران و هەژارانن) . لە بیناکردنی کۆمەڵگا و بەرهەمهێناندا ئەکتیف بن.

* بەشێك لە سەمینارێك بۆ قوتابیانی زانکۆی ( سانبیترس بۆرگ) بەشی سیاسەت.

سانپیترس بۆرگ ٢٠٠٣/٠٥/٠٣

تێبینی کوردستان نێت:
ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.